# "لەناو بوومەلەرزەدا"

**نووسینی: شێرزاد حەسەن**

ساویلکەیی باوکە زۆردارەکان و چەوسێنەرەکان لەوەدایە کە بڕوای تەواویان بەوە هەیە کە هەرچییەکی بکەن راست و رەوایە، بە درێژایی مێژوو.. بۆ هەموو قۆناغە جیاوازەکان نەوە بە دوای نەوە دەکەن بە قوربانی حەز و شەیدایی خۆیان بۆ دەسەڵات کە دەگاتە گەیشتن بە هەموو کانگاکانی هێزە ماددی و مەعنەوییەکان، بێئەوەی گومان لە ئەخلاقی خۆیان بکەن و لەو خوێن بەربوون و قوربانیدانە پاشەکشە بکەن و پەشیمان ببنەوە. هەموو خەسڵەتە ناشیرینەکانی باوکە ستەمکارەکان لە نێو دروشم و مژدەی درۆ و ئەدەبیاتی سیاسی بێکەڵك و داڕشتنی سەدەها وتاری فریودەردا خۆیان دەشارنەوە، بۆ هەمیشە لەگەڵ نۆرم و کارکردەی سیاسی و کۆمەڵایەتی باودا خۆیان دەگونجێنن، بەڵام ئەوە کاری رۆشنبیری دلێر و بە سەلیقەیە کە ئەو بەشە شاراوە و تاریکە لە گەمەکانی دەسەڵات ببینێت کە لە ناو پێچ و لوولی زمان و تێکستەکان و مژدەکان و بانگەشەکاندا خۆی شاردۆتەوە، ئەم کارەش بێ خوێندنەوەیەکی سایکۆلۆژی بۆ کارەکتەری سیاسەتبازەکان مەحاڵە.

سەرەتای چەوساندنەوە و زۆرداری لە عەقڵەوە دەستپێدەکات و ئەوسا دەگاتە سەر جەستەکان، باوکەکان چ لە ناو ماڵ بن و چ لە ناو خانەکانی سیاسەتدا بە حوکمی ئەو هەقە خواهانەییەی وا لە دەستیاندایە کە خاوەنی فەرزەندەکانی خۆیانن، وەك رۆح و جەستە، بۆ هەمیشە بە ویژدانێکی ئاسوودەوە گەمە بە چارەنووسی کچ و کوڕەکانیان دەکەن، بە شێوەیەکی سیستماتیکی دەستخەڕۆیان دەکەن، هەڵبەتە باوکە زۆردارە زیرەك و زۆڵەکان دەزانن چۆن ئەو گەمەیە بەڕێوە ببەن، گەمەی فریودان و قوربانی بەخشین بە ناوی شۆڕشەکانەوە، بەڵام ژمارەیەکی دیکە لە باوکە گەمژەکان هەن کە تا قیامەت لاوەکان و خەڵکی بندەست بکەن بە قوربانی، بە هەقی خۆیانی دەزانن و هەمیشە گەلحۆترن لەوەی بزانن چۆن و بۆ وا دەکەن، لە هەمان کاتدا شانازیش دەکەن و شادومانن کە کاروانی شەهیدەکان نەبڕاوەیە و هەر بەڕێوەیە، هەموو دەم سەرگەرمی حیساب و کیتابی خۆیانن کە چەندە سوودمەندن لە دونیا و قیامەتدا، بەردەوامیش جبەخانە و عەمباریان پڕ لە چەك و تفاقی جەنگە، کە جەنگ تەواو دەبێت و کوشتارگاکان پڕ دەبن لە قوربانی، باوکەکان دەستی خۆیان لە خوێن پاك دەکەنەوە، سامناکتر و ئاسوودەتر لە جاران دەچنەوە سەر تەخت و تاراجی خۆیان، ئەو هەقە خواهانەیەی وا لە ناو چنگیاندا بە خوێن نووسراوە و هەرگیز ناسڕێتەوە، دەقە پیرۆزەکان لە خزمەتی ئەواندا نووسراون، دوا جار بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لە پێناو بەها پیرۆزەکاندا جەنگاون، هەر بۆیە شانازی بە ژمارەی زۆری قوربانییەکانەوە دەکەن، هەر هەمووشی وەك راستییەکی نەگۆڕ و هەمیشەیی خۆی لە ناو پێچ و

لوولی پڕ لە نهێنی زماندا خۆی شاردۆتەوە، ئەو زمانەی وا دەکات قوربانیش ئاسوودە بێتە ژێر چەقۆکان و وا بزانێت بە خوێنی خۆی دونیا جوانتر و ئاوەدانتر دەکاتەوە، مێژوو بە کوێری رێدەکات و زۆر درەنگ دەگاتە سەر ئەو هەموو مەرگە هەرزانە و کوشتارگایە، خۆ ئەگەر چاوەکانیشی ساغ بن بە سەقەتی حونجەی ئەو مەرگ و خوێنە دەکات، بێئەوەی کەس تێبگات و ببێت بە وانە و پەند بۆ نەوەکانی داهاتوو کە ئەو سەفەری مەرگ و خوێنە بەجێبێڵن و لەو شەمەندەفەرە بێنە خوار کە رووەو جەهەننەم دەیانبات. قوربانی لە ناو وەها کەلتوورێکی پڕ لە ستەم و درۆ و فریو و مشەخۆر لەسەر خوێنی هەزارەها تەبا و دۆستە لەگەڵ چەوسێنەر و سزادەرەکەی خۆی، بێگومانە لەوەی باوکەکان وەك (ئیبراهیم)ی پێغەمبەر مافی سەربڕینی کوڕەکانیان هەیە، جا (ئیسماعیل یان ئیسحاق)ەکان بن، چونکە ئەو مافەیان لەخوداوەندەوە بۆ دابەزیوە، باوکەکان لە لایەن خوداوە ئەوەندە پارێزراون کە وەك (ئیبراهیم) ئەگەر بیخەینە ناو ئاگرەوە، هەرگیز ناسووتێتو چاوەڕێ دەکات هەر جارە و بە موعجیزەیەك رزگاری ببێت.

گرفتی گەورەی قوربانییەکان ئەوەیە کە نەماون تاوەکو باس لە خوێنی بە ناهەق ڕژاوی خۆیان بکەن، دوای مەرگی شەهیدەکانیش هەر کەسێك بێجگە لە باوکەکان قسە لەسەر هەق و ناهەقی ئەو خوێنە رژاوە بکات، چارەنووسی بە قوربانی بوونە وەك خیانەتکار نەك شەهید.

ئەگەر مێژوونوسێکی دلێر هات و هەقایەتی ئەو مەرگەساتەی وەك خۆی نوسییەوە، لەوەدایە گەمە بە خوێنی سەری خۆی بکات یان لە باشترین

دۆخدا دەستنووسەکانی دەبنە بەشێك لە ئەرشیفی مێژوویەکی کۆن کە بەدزییەوە دەستاو دەست دەکات، چونکە مێژوونوسینەوە لە وەها جوگرافیایەکدا کار و ئەرکی باوکەکانە کە گومانیان لە سەرکەوتنی ئەبەدی خۆیان نیە، بە بەڵگەی ئەوەی شۆڕش و داری ئازادی بە خوێن ئاو نەدرێت.. قەت بەر ناگرێت، پێ بە پێ ئۆپراسیۆنێکی گەورەی رۆشنفکری دۆست بە دەسەڵاتی خوێنخۆر کار لەسەر مەنتیقی وا ناجۆر و بەرەواژی دەکات، بێباکانە و بەو پەڕی چاوقایمییەوە دەقەکان وا شیدەکەنەوە کە گومان لەو مێژووە پیرۆزە نەکرێت و دڵنیامان دەکەنەوە کە ئەوەی روو دەدات، هەر هەمووومان لە سەری کۆکین و بێ کەموکوڕی و غەوشە، هەرچییەکی پێچەوانەی ئەو راستییانە بوترێت و بنوسرێت، دەچێتە خانەی خەیاڵ و بەدگومانی و چەواشەکارییەوە.
ئەوەی کە لەکوردستاندا دەگوزەرێت لە گەمەی جەللاد و قوربانی یان راوچی و نێچیر دەچێت نەك حوکمڕانییەکی شارستانیانە، ئەو کۆمەلە جەنگاوەرەی لە شاخەکانەوە گەڕانەوە ناو شارەکان، بە کۆمەڵ کەوتنە فەرهوودکردنی خاك و خەڵك، هەر لە سەرەتاوە چڵێسی و حەزی سامان و دارایی و تەخت و تاراج وایکرد ئەو بەرەباب و خێلەخوێنخۆرانە بکەونە ناو سەنگەری دژ بە یەکدی و ساڵانێکی زۆر چ لە شاخ و چ لە ناو شارەکاندا خوێنی یەکدییان حەڵاڵ کرد، هەر لە گەلاوێژی (1963) وە تا هەنووکە درێژەی هەیە، چ وەك کردار و چ وەك ئەخلاق و ئاسەواری ئەو جەنگ و دوژمنکارییە نەبڕاوەیە. حەشاماتێکی زۆر لە پیاوکوژ و ژنکوژ، ئەو میری جەنگانە بۆ هەمیشە توانیوویانە دەست بۆ مەسحەفە رەشەکەی جەنگ

ببەن و ئەو ئایەتانە بدۆزنەوە کە کوشتن و بڕین و تالآنی حەڵاڵ دەکات، وەك چۆن لە سەدەکانی ناوەڕاست دادگاکانی پشکنین ڕاوی جادووگەرەکانی حەڵاڵ کردبوو، سەدەها هۆکار و بڕ و بیانوو هەبوو بۆ ئەو ڕاوە مرۆڤە. بە هەموو کلۆجێك جەنگاوەرانی لای خۆمان بە هەزارەها چەکداری ساز و ئامادە لەسەر ئەخلاقی جەنگ و براکوژی و خوشك ـ کوژی ڕاهێنا بوو، چونکە ئەوان مامۆستای زۆر زیرەکی شەڕخوازی بوون، دەیانزانی چۆن ئەو رۆحە لە کوڕە لاوەکاندا بچێنن و چ کاتێك گەرەکیان بێت ئەو رۆحە جەنگاوەربازییە وەئاگا بێننەوە، لە ناو فەزا و کەلتوورێکی پڕ لە زەبر و زەنگ و دوژمنکاریدا ئاسانە مەردوومەکان فێری رق و کینە و کوشتن و بڕین بکەن، چ بە ناوی خوداوە بێت و چ بە ناوی نیشتیمانەوە، بە حوکمی ژیانی پڕ لە شەڕانگێزی و توندو تیژی ئێمە، بڕێکی زۆر بێت یان کەم لە توندڕەوی و دەمارگیری و شەڕانگێزی خەوتوو وا لە ناو رۆحی تاکە کەسەکاندا، جا چ خوێندەوار و چ نەخوێندەوار، ئەگینا بە چی و چۆن لێکیبدەینەوە کە زۆربەی کەسە دەستڕۆیشتووەکانی ناو حیزبەکان هەڵگری بڕوانامەن و چەندەها ساڵ لە دەرەوە ژیاون یان خوێندوویانە، کەچی لە گەرمەی شەڕی ناوخۆدا بە وەزیر و گزیر و پەرلەمانتار و رۆشنبیرانەوە کەوتنە شیروتیر لە یەکدی هەڵسووین، ئاشی ئەو جەنگەی ناوەڕاستی نەوەدەکان بە بازووی جەنگاوەران و عەقڵی خوێندەوارەکانی کورد دەگەڕا، کە هەنووکەش بۆنی ئەوەی لێدێت دیسانەوە ئەو ماکینەی جەنگە بگەڕێ و بێتەوە کە باراشەکەشی خوێنی لاوەکان بێت. زۆر زەحمەتیشە ئەو دوو بەرەیە لێکدی جیا بکەینەوە، جیاکردنەوەی باوکە

جەنگاوەرەکان بە خوێندەوار و نەخوێندەوارەکانەوە، لە بەرامبەر ئەو هەموو لاوانەی کە ئاسان بە فەرمانی باوکەکان دەست دەدەنە تفەنگەکان و رووە و شەڕگەکان بۆ سەر یەکدی هەڵمەت دەبەن و هێرشی شێتانە دەکەنە سەر سەنگەری یەکدی کە دوا جار سەنگەرەکان ماڵ و مەکتەب و کەلاوەکانی ئێمەن، دوای جەنگەکانیش کۆشك و تەلارەکانی ئەوان بە پێوە دەمێننەوە و پارێزراو دەبن، ئەو رەشە خەڵکەش سەر لە نوێ سەرگەرمی دروستکردنەوەی کەلاوە رووخاوەکانیان دەبنەوە، لاوە بێ موراد و هەڵخەڵەتاوەکانیش جوانەمەرگ دەبن و دەبنە پێخوست و پێخۆری ئەو رەشە ڕاوەو جەنگە نەبڕاوانە.
ئاخۆ بە ڕاست باوکە جەنگاوەرەکان بڕ و بیانووی دروستیان هەیە بۆ شەڕ و ململانێ کە دروشمەکانیان پڕە لە هاواری ئازادی و بەختەوەری و سەرکەوتن.. یان ئەوەیان گەمە و فێڵێکە و تاکتیکبازی تاوەکو تووڕەیی و دڵگەرمی لاوەکان بوروژێنن کە لە بنەڕەتدا بێبەشن و لە کولەمەرگیدا دەژین؟ کە سەرەنجام هارو هەڵگەڕاوە ئامادەی هەموو جۆرە ململانێ و بە یەکدادانێکن، دواتریش کە جەنگ تەواو دەبێت، گەورەکان هەر هەموو خۆشی و ناز و نیعمەتێکی حوکمڕانی دەچننەوە و پرسە و ماڵوێرانیش دەبێت بە پشکی جەنگاوەرە لاوەکان. ناکرێت خۆمان لەوە گێل بکەین کە شەڕ و کوشتن و بڕین یان تیرۆری سیاسی گەمەیەکی خوێناوییە کە ئاغاکانی جەنگ و باوکە پیرۆزەکان و رەشە خەڵکەکە و گەنجە خوێن گەرمەکان تیایدا بەشدار بوون، بە تایبەتی لە نێو سەدەی رابردووەوە، زۆربەی جارەکانیش وا رێکەوتووە کە باوکەکان ئاشت ببنەوە، کەچی دایك

و ژن و خوشکانی ئەو شەهیدە لاوانە رەشپۆشن و باوکانی پیر و ریش چەرموو دەرۆزەکەر ئاسا لە بەردەمی بارەگاکان بۆ پولێکی کەم چاوەڕێ بن، وەك نرخی خوێنێکی بە ناهەق رژاو، لە ئاکامدا دیسانەوە باوکانی جەنگاوەر وێنەکانی ئەو گەنجانە بە دیوارەکانەوە هەڵدەواسن تا سەر لە نوێ بە خوێنی ئەوان دەنگێکی زۆرتر ببەنەوە، چونکە مەرجە بەر لە مەرگ و دوای مەرگیش کوڕە کوژراوەکان سوودیان بۆ میرەکانی جەنگ نەبڕاوە بێت، هەر حیزبە و هەوڵدەدات ژمارەی شەهیدەکانی لە هەزارەها تێپەڕ بکات تاوەکو خوانی گەورەکان چەورتر بێت، ئەو رەشە کوژییەی کوردان کە تەمەنی سەدەها ساڵە و لەو نیو سەدەیەی دواتردا بۆتە کاسبی و بازاڕگەرمی سیاسەتبازە گەورەکانی کورد، هیچ قۆناغێکی مێژوویی خۆمان نادۆزینەوە کە لە نێوان جەنگێك و جەنگێکدا سوورێکی دیکەی خوێناوی و براکوژی تێدا نەبوو بێت، ئەوەش وایکردووە کۆمەڵگایەکی شارستانی ساز و ئامادە نەبێت کە هێزی پێکەوەژیانی هەبێت وەك میللەتانی دیکە دەزگا و دامەزراوەی خۆمان هەبێت کە بناغەکانی ئاسان نەلەرزێن بەسەرماندا، پەرلەمانێك کە تەمەنی بیست ساڵە و کەچی تا هەنووکە لە دیوەخانە دەچێت، ئاغاکانی جەنگ زوو زوو وەك ماڵەباجێنە تێکیدەدەن، یان دەمامك دەپۆشن و بە درۆ وای دەنوێنن کە ئاشت و تەبان لە تەك یەکدیدا، لە سەرەوەڕا تەوقە دەکەن و لە ژێرەوەش پلان و نەخشەی رەش لە دژی یەکدیدا دادەڕێژن، ئەندامەکانیش لە زۆربەی خولەکاندا لەو منداڵە شەرمنانە دەچوون کە ناتوانن بێ رێنمایی باوکەکان

بجووڵێن، ئەوانەشی کە لاساری دەکەن، هەڕەشە لە بەختی ناپوختی خۆیان دەکەن.

مەترسی گەورە لەوەدایە کە مێژووی مرۆڤایەتی لە قۆناغی جیاوازدا کەڵکی لە ڕۆحی دیلییەتی حەشامات و خەڵکی بندەست وەرگرتووە، لەو کچ و کوڕانەی بە هەموو تەمەن شکێندراون و ترساون و کۆیلەکراون، بە واتا مێژووی بەندەواری و بندەستی وا دەکات کەسەکان وا پەروەردە بکرێن کە بۆ هێزو توانایەکی باڵا یاخود خودایەك بگەڕێن، وەك چۆن رژێمە تۆتالیتارییەکان زەمینەیان بۆ خۆشکرد، لەچەشنی نازیزم و فاشیزم و ستالینیزم و فوندەمێنتالیزمی ئیسلامی، بۆ هەمیشە ئەو هێزە نادیارە بەتەنیا خودای ئاسمانان نییە، زۆر جاران لاوازی و بندەستی و شکەستی رۆحی و نوشوستی ئینسانی و ترس وامان لێدەکات لەخودایەك و باوکێك بگەڕێین لەسەر زەمین نەوەك لە ئاسمانان. لەناو وەها فەزا و کەڵچەرێکدا کە هەر هەمووماڼ وانەکانی بندەستی و کۆیلەبوونمان خوێندووە، لە ناو ماڵەکان و مەکتەبەکان و مزگەوتەکان و جیزبەکاندا، زۆر بەئاسانی دەبینە سەرباز و دەرگاوان و چەکبەدەستی ناو لەشکر و سوپا و کۆشکی ئەو باوکە پیرۆزانەی وەك مێگەل رۆڵەکانیان رووەو قەسابخانە و شەڕگەکان رادەکەن، چوونە پاڵ هێزە هەرە گەورە و زەبەللاحەکان کە پڕ لە سام و هەیبەتن، پەیوەندی نییە بە دروشم و مژدە و خەونەکانی ئەو کچ و کوڕانەوە، زۆر جاران گەمەکە وەها ئاڵۆزە و شەڕەکان وەها پیرۆز دەکرێن کە کەس ناتوانێت بیر لەوە بکاتەوە قوڕمیش کراوە و بۆتە ئامێر و ئامڕازێك لە ناو ئەو جەنگەدا، بورغوویەك لە ناو مەکینەیەکدا. بە گەڕانەوە

بۆ مێژووی خوێناوی حیزبە کوردییەکان و کاروانی ئەوانەی بە دەستی براکانی خۆیان کوژراون، کەمتر نین لەوانەی بە دەستی دوژمنەکان کوژراون، گەر ئەمڕۆکە بتوانین بە موعجیزەیەك ئەو شەهیدانە یان کوژراوانە زیندوو بکەینەوە، بەتێکڕا پەشیمان دەبنەوەو داوای خوێنی بە ناهەق رژاوی خۆیان دەکەنەوە. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: ئاخۆ ئەوە چ باوکێکی پیرۆز و میرێکی جەنگ و دیکتاتۆرێکە کە بە هەزارەها سەرباز و تفەنگ لە شان و ملکەچ دروست دەکات و لە ناو کەند و لەندو چاڵەکاندا بەکوشتیان دەدات، یان پێچەوانەیەکەتی کە دەکا ئەو هەزارەها سەربازە نائومێدو سەرکوتکراو و خەسێندراوە ژمارەیەکی کەم لە دیکتاتۆرو باوکی پیرۆز و خوداوەندەکانی شەڕ دروست دەکەن؟

زۆر جاران لە بەرامبەر کارەساتەکانی ناو سروشتدا مرۆڤ بێتوانا و دەستەپاچە دەوەستێت، هەروەك مەرگەساتەکانی ژێر زەبری تسونامی یان تسۆنامی و بوومەلەرزە و گڕکان و لافاو و کۆلێرا و وشکەساڵی و تاعوون، کەسانێك هەن هۆکاری کارەساتەکان دەگەڕێننەوە بۆ غەزەبی سروشت و حیکمەتی ئاسمان، هەندێکجاریش وەك تووڕەیی و تۆڵەی خودی سروشت و رەگەزەکانی دەخوێندرێنەوە کە لە داخی بێباکی مرۆڤ بەرپا دەبن، چونکە خاك و هەوا و ئاوی پیسکردووە، کە دڕندە ئاسا چواردەوری خۆی وێران دەکات. کەچی ئەوەی کە لە مێژووی ئێمەدا روودەدات، کارەسات و دەرد و نەهامەتی و مەرگێکە کە رێك دەستکردی خۆمانە و بۆ خۆمانە، وەك ئەوەی بەر نەفرەتێکی رەش و ئەبەدی کەوتبین.

جیۆلۆجییەکان بۆ هەمیشە دڵنیامان دەکەنەوە کە کوردستان دوورە لە چەقی یان هێڵی بوومەلەرزەوە، تەنها ئاسەوار و شەپۆلێکی کەمی ئەو زەمین لەرزەیە جار و بار ئێمە دەگرێتەوە و دەمانترسێنێت، هەر بۆیە لە وێرانکارییەکانی بوومەلەرزەیەکی راستەقینەوە بە دوورین، بەڵام مایەی تێڕامانە کە کوردستان و خەڵکەکەی کەوتوونەتە سەر چەق و هێڵی ناوەڕاستی بوومەلەرزەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی، بوومەلەرزەیەك کەوا لە ناو رۆح و دڵ و عەقڵی خۆماندا، بە تەنها شەپۆلێکی ترسناکی زەمینلەرزە نیە کە لە دەرو دراوسێکانمانەوە گەیشتبێتە ئێمە، لە خاك و کیشوەرێکی دیکەوە نەهاتووە، کە هەر جارە و لێمان دەدات و مەرگی هەزارەها کەس و وێرانەخاکێکمان بۆ بەجێدێڵێت، بوومەلەرزە کوشندەکان دەستکردی باوکە زۆردار و ئەبەدییەکانی خۆمانن، باوکە چەوسێنەر و میرەکانی جەنگ لەودیو دەرگاکانەوە چاوەڕێن تاوەکو نەوەیەکی تازە لە دایك دەبێت، ئەوانیش کە لە خەم دەڕەخسێن و گەورە دەبن، دیسانەوە تەییار و ئامادەیان دەکەنەوە بۆ جەنگ و بوومەلەرزەیەکی دیکە، وەك خوداوەندەکانی ناو میتۆلۆژیای یۆنانی، وەك دێوەکانی ناو ئەفسانەکان و ئەژدیهاکان دەنەڕێنن و دەفیشکێنن و لە نەعرەتە دەدەن، بە هەنگاوی جەهەننەمی و شەڕکەرانە بە هەموو لایەکدا ملدەنێن و ئاگر دەبارێنن و پێ لە زەوی دەکوتن و دونیا دەهەژێنن، بوومەلەرزەیەکی دیکە و کاولکاری و رووباری خوێن و فرمێسك و کوشتارگەیەکی پڕ لە لاشەی گەنجە نامرادەکان.. نەوە دوای نەوە. مەرج نییە هۆکارەکانی ئەو خوێنڕشتنە تەنگژەی سیاسی و ململانێیەکی ناوەکی

فیکری چەند حیزب و باڵێك بێت لە بەرامبەر یەکدیدا، یان خۆجیاکردنەوەی چەپەکان لە ڕاستڕەوەکان، بە هەر بارێکدا هۆکارەکان چەندە راستەقینە و پیرۆز بن یان ساختەو پیس، کە جەنگ بەرپا بوو، قوربانییەکان وەك یەك خوێنیان لێدەڕژێت، ئەوانەی کە لە ناو دەچن کۆمەڵێك مرۆڤن کە زۆر جاران هەمان خۆزگە و خەون و خولیایان هەیە، هەمان فریو دەخۆن، باوکە ئەبەدییەکانیش شەڕگە جەهەننەمییەکانیان بۆ گەرم دەکەن، بۆ هەمیشە مژدەکان و دروشمەکان رەنگا و رەنگن‌و... مەرگەکانیش هەر یەك رەنگن..!

(بەهاری ــ2011)